# کامەران موکری

⊠ لە ساڵی ١٩٢٩ ی میلادیدا لە شاری سلێمانی گەڕەکی دەرگەزێن
لە دایک بووە . لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی یە لە ڕووی دەرامەتەوە.
وە باوکی هەر لە لاوی یەوە تا کۆچی دوایی لە تووتندا کێشی کردووە .

⊠ کامەران موکری (ناوی محمدی احمدی طە یە) وە لەقەبی کامەرانە وە
لە تیرەی موکری یە ، لەبەر ئەوە ئەناسرێ بە کامەران موکری .

⊠ لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٦ ی میلادی یەوە چۆتە کۆڕی بزووتنەوەی
(کوردایەتی) لەبەر ئەوە گەلێ جار گیراوەو دوورخراوەتەوە ، جا بەم
هۆیەوە نەیتوانیوە خوێندنی دانشگا تەواو بکات ، وە بە ناچاری لە
پۆلی پێنجەمی (ئامادەیی) وازی لە خوێندن هێناوە .

⊠ کامەران موکری ١٨ جار گیراوە . وە جارێکی لە ساڵی ١٩٤٩ دا
حوکم دراوە بە سێ ساڵ حەپسی بە زنجیرەوە ، وە ساڵێک مراقەبەی
پۆلیسی ، لەسەر ڕاپەڕینی ١٩٤٨ دژی پەیمانی پورتسموث . وە
لە ساڵی ١٩٥٤ دا حوکم درا بە ٦ مانگ حەپسی وە ساڵێک دەستبەسەری
لە بەدرە لەسەر بزووتنەوەی ئاشتی خوازی .

⊠ گۆڤاری ڕۆژی نوێ کە گۆڤارێکی ئەدەبی ی سیاسی بوو وە مانگی جارێک
دەرئەچوو (١٩٦٠ — ١٩٦١) وە هەژدە (١٨) ژمارەی لێ دەرچوو
وە داخراء ، کامەران موکری سەرنووسەری بوو .

⊠ ئەم دیوانانەی دەرکردووە .

— دیاری
— ئاگرو شیلە
— گوڵە ئەستێرە
— گوڵاڵە سوورە
— ئاوات و ڕەنج .

institut kurde de paris

☒ گەلێک لە هۆنراوەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی .

☒ چەند نامیلکەیەکی لە سەر دەرچووە بە کوردی و عەرەبی .

☒ چەند هۆنراوەیەکی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ڕووسی و ئینگلیزی و فەرەنسی ، بە تایبەتی گەلێ پارچە هۆنراوەی چووکی شۆڕشی لە ڕۆژنامەی (لوموند)ی فەرەنسی ـ وە دیلی تەلگرافی ئینگلیزی)دا بڵاوکراونەتەوە .

institut kurde de paris

# دیاری نەورۆز

کامەران موکری

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپکێ

لە نێرگزو گوڵی ناسک

ئەکەم بە دیاری یەکی جوان

بۆ گەلی کوردی قارەمان

(گوڵاڵە سورەی پارچەی دڵ)

(هی دڵێک کە کەوتە ژێر گڵ)

دڵی ئەو لاوەی بۆ میللەت

جەرڕائیان لە گەردنیا پەتە

چرای گیائیان کوژانەوە

شەماڵ جەستەی شەکانەوە

ئەم چەپکە گوڵەی من پێشکەش

بەوەی (گڕڕ) ئەگرێتە باوەش

بەو لاوانەی کە بۆ وەتەن

لە خەباتا پشوو نادەن

(بۆ ژینی کورد بوون بە پێشەنگ

بوون بە مەشخەڵی شەوەزەنگ

x x x

insititut kurde de paris

نێرگسی دەشتی هیوای ژن
کە بۆ ، ڕۆژی تێ ئەکۆشن
جەرگیان بەسەر دڕکا ئەدەن
ئەگریجە دەسکە ئەکەن
ڕۆژی بێ کۆرپەلەی ڕووخۆش
- زۆردار — نەیفڕێنێ لە کۆش
ئەم چەپکە نێرگسەی ژیان
پێشکەش بە تۆ بێ دایەگیان
بە تۆو بەو ژنانەی دوژمن
کوورە گەنجەکانی کوشتن

× × ×

گوڵە زەردی کوڵمی هەژار
کە وەریوە بە قامچی و دار
پێشکەش بێ بە هاوڕێی پاڵە
بەوەی ژیانی لا تاڵە
بە هەژارانی شارو دێ
بە بێکەسانی سەرەڕێ

× × ×

insititut kurde de paris

ئەم گوڵانە ، ئەم سێ چەپکە
کە، پەڕەیان ، تەڕ ، ناسکە
لە یەک دەشتا یەک چیمەنا
لە ناو دەروونی وەتەنا
هەر لە یەک جۆگەلەی یەک شوێن
مژیویانە دڵۆپی خوێن

× ×

دوای پێشکەش کردنی دیاریم
ئەڵێم (بێ شک) کوردەواریم
ئەی نەورۆزی هەزار ساڵە
لای هەڵدێ شەبەقی ئاڵە

× × ×

insititut kurde de paris

# ژیلەمۆ

کامەران موکری

کام ئاواز خۆشە ، یا کام گۆرانی
بە هەر جۆری بێ پاراوی خەمە
کام بەستە جوانە ، بۆ کامەرانی
هێشتا شێوەکەی هەر هی ماتەمە

× × ×

سروودەکانم پڕن لە سۆزی
گریان و ناڵە و ئازار چەشتنێ
شیعرەکانیشم هەر بە ئالۆزی
تەنیا ریز ئەبن بۆ خەم رشتنێ

× × ×

زڕەی کوت لە ناو دەروون و گیانا
زۆر جار مەچەکی ئارام ئەبەستێ
هۆنراوەی جوانم لە پێ دانانا
لە ناو خەم جار جار لە پڕ ئەوەستێ

× × ×

insititut kurde de paris

زۆر وشەی جوان وگەشی وەك ئاگر
لە دلّی منا بوون بە ژیلەمۆ
زۆر شیعری گەرم وشیرین و نەمر
بە دیل گیراون وەکو من و تۆ

× × ×

insititut kurde de paris


institutkurde de paris